مەسعود بارزانی پەیامێکی بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەاوکردەوە

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان،ئەمڕۆ دووشەممە بەبۆنەی یادی 126 ساڵی ڕۆژنامەگەری کوردی بەاوکردەوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی بەیاننامەکەیە:-

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە بۆنەی سەد و بیست و شەشەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کە هاوکات ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ساڵیادی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی کوردستان دەکەم.

ڕۆژنامەنووس و میدیاکاران ئەرکێکی پیرۆز و هەستیاریان لەسەر شانە کە بریتیە لە پەدانی زانیاری و هەشیاری و ئاراستەکردن و پشخستنی کەمەگە. لەویادەدا داوام لە ڕۆژنامەنووس و میدیاکار

خۆشویستکانی کوردستان هێز، ئەرکی خێیان بە شێوەیەکی پیشیانە بە گەیاندنی ڕاستیەکان و هەروەها لەپێناو بەهێزکردنی فەرهەنگ و هەشیاریی کەمەگە و هاووڵاتیان جێبەجێ بکەن.

پێویستە ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەوەیان هەمیشە لەیاد بێت کە میدیا و ڕۆژنامەنووسی ئامرازی کاریگەرن بە ناساندنی دەزی ڕەوای گەلەکەمان و بەرگریکردن لە ناسنامە و مافەکانی گەلی کوردستان و، لە هەمانکاتیشدا ئامرازن بە پاراستنی بەهاکان و قووڵترکردنەوەی فەرهەنگی ئاشتیخوازی و پێکەوژیان و مرۆڤدۆستی لەناو خەڵکدا.

ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی پیرۆز و هیوای سەرکەوتن بە هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەخوازم.

مسعود بارزانی

22ی نیسانی 2024